## بۆ باس کردن لە ( کەلتوری و ئازادی ) رۆبیتان کاکەزاڵ خاوەنی ماستەر لە بواری ئابوری جیهانی دەبێتــە میوانی سەنتەری چالاکی گە نجانی رانیە

**لە هێڤارەوە**

لە درێژەی کارو چالاکیە رۆشنبیریەکانی سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیەی سەر بە رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بەشی راگەیاندنی سەنتەر لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٦/٦/٢٩ کاتژمێر ٥,٣٠ ئێوارە لە باخچەی سەنتەر هەڵسا بە سازدانی کۆرێکی رۆشنبیری بۆ مامۆستا ( رۆبیتان کاکەزاڵ )خاوەنی بروانامەی ماستەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئابووری جیهانی لەسەر ( کەلتوور و ئازادی )، ئەم چالاکیەش دەچێـە دوو توێی وەرزێکی تازەی چالاکیە رۆشنبیریەکانی سەنتەرو تیایدا رێژەیەکی بەرچاوی گەنج لە هەر دوو رەگەز ئامادە بوون، ئەوەی تایبەتمەندی ئەو کۆڕە بوو مامۆستا رۆبیتان کاکە زاڵ بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە هەر دوو چەمکەکەی شی کردەوە، پاشان ئامادەبوان بە سەرنج و تێبینیەکانیان بەشداریان کردو، نزیکی ٢ کاتژمێری خایاند، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کەسەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە، هەموو رۆژانی پێنج شەممە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کۆڕو سیمینارو مێزگردی رۆشنبیری














